---

ئاو و کارەبا، سوتەمەنی و زۆپا، بۆ بەشەناوخۆیەکانی زانکۆی سلێمانی سادەترین و سەرەتاترین داخوازیە و جێبەجێکردنیان بە ئاسانی لە توانای ئیدارە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، جێبەجێنەکردنی داخوازیە سەرتایەکانی خوێندکاران نیشانەی بە هەند وەرنەگرتنی  چالاکترین توێژی کۆمەڵگایە بۆ گەشەپێدانی خوێندەواری و بەرفراوانبوونی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کە  مەڵبەند ێکی سەرەکیە بۆ گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی و داگیرسانی چرای زانستی و زانیاری و دوورکەوتنەوە لە جیهانی جەهل و نەخوێندەواری. ناوەندی چاک وەک هەڵگری ئامانجی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی و ژیانی باشتر بۆ هەموو کەس و هەموو تاکێک پشتیوانی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ هەموو داخوازیە ڕەواکانی خوێندکاران لە هەر جێگەیەکی کوردستانبن و بە تایبەتی خوێندکارەکانی بەشەی ناوخۆی زانکۆی سلێمانی لە کەلار.

----------------------------------------------------------------------------

## خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ لەشاری کەلار دەستیان دایە مانگرتن!



پەیامنێری مالپەری ناوەندی چاك _ گەرمیان:

سەرلەبەیانی ئەمرۆ 4/4 /2007 خوێندکارانی بەشەناوخۆییکانی زانکۆی سلێمانی لەشاری کەلار بەرێپیوانێکی هێمنانە بەرەو بەردەمی قایمقایمیەتی شاری کەلار بەرێکەوتنو لەوێ داخوازیەکانی خۆیان رووبەرووی قایمقایمی شارەکە کردەوە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی قایلکەریان لەلایەن قایمقامو دەسەڵاتدارانی ئەو شارە وەرنەگرتووەتەوە، شایانی باسە هەتا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە کاتژمێر 4ی دوای نیوەرۆ خوێندکارە  مانگرتوەکان لەسەرشەقامی گشتی شاری کەلار لەبەردەمی بینایەی قایمقایمیەتو مەڵبەندی رێکخستنی 11ی گەرمیانی

یەکێتی دانیشتبوونو ڕێگەی ئۆتۆمبیلو هاتووچۆکەرانیان گرتبوو.. بە ووتەی چەند خوێندکارێکی مانگرتوو وابریارە تا جێبەجینەکردنی داخوازیەکانیان دەست لەنارەزایەتیەکەیان هەڵناگرنو درێژە بە مانگرتنەکەیان دەدەن. بەپێی دروشمی سەرلافتەکانو نوێنەری خوێندکارەمانگرتووەکان داواکاریەکانیان مافی سەرەتاییو قابیلی جێبەجێکردنن کە خوی لە داواکردنی ( ئاوو کارەبا، سووتەمەنیو زۆپا بۆ بەشە ناوخۆییەکان کە هەتا کوئیستا بۆیان دابین نەکراوە )




**ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک )**


[www.chak.info](http://www.chak.info)

[chak.org@gmail.com](mailto:chak.org@gmail.com)